عەبدوڵڵا پەشێو لە کەرکوك:

بەبێ کەرکوك دەبینە میللەتێکی قەرەجی بێ وڵات

ئومێد سەرحەد-کەرکوك/ چەند خولەکێك مابوو بۆ کاتژمێر ٣ی ئێوارە. لەپڕ جووڵەیەکی زۆر کەوتە دەرەوەی هۆڵەکە، دەنگی چەپڵە لێدان بەخێرهاتنی لیژنەی پێشوازی و ئەو خەڵکانەی لەدەرەوەی هۆڵەکە بوون و نەهاتبوونە ژوورەوە، زەنگی ئاگادارکردنەوەی دانیشتوانی ناو هۆڵەکە بوو، کەهەستنە سەر پێ، کەوا شاعیرە ریش نورانییەکە گەیشت.

ئیدی هێشتا پەشێوی گەورە شاعیر پێی نەختسبووە نێو هۆڵەکەوە، هەموو ئامادەبووانی ناو هۆڵەکە هەستانە سەر پێ، دەنگی بەخێرهاتی و چەپڵە رێزان دەگەیشتە کەشکەڵانی فەلەك. پارێزگاری کەرکوك کەماوەیەك بەر لەگەیشتنی پەشێو گەیشتبووە هۆڵەکە، بەگەرمی پێشوازی لەپەشێو کردو دەمێکیش ئەملاو ئەولای یەکدیان ماچ کرد. ماوەیەکی زۆر چەپڵە لێدانی میوانەکان بەردەوام بوو. لە ١/١٢/٢٠٠٥ لەهۆڵی سیروان تاڵەبانی پێشوازییەکی پاشایانە لەشاعیری گەورە عەبدوڵڵا پەشێو کرا، کە شایانی بوو. "بەراستی هاتنی منبۆ شاری کەرکوك زیاتر مانایەکی رەمزی هەبوو" سەرەتای کۆڕەکە پەشێوی شاعیر لەکەرکوك ئاوها هاتەگۆ. پەشێو بەلایەوە گرنگ نەبوو چەند کەس دەبینێ، یاخود شیعر بخوێنێتەوە، بەڵکو ئەو زۆری مەبەست بوو یەکەم کۆڕی لەو سەردانەیدا لەشاری کەرکوك بێت، چونکە کەرکوك بۆ ئەو هەروەك خۆی گوتی "مانایەکی تایبەتی هەیە، پێموایە کەرکوك ویژدانی هەموومانە، وجودمانە، ئێمە یا ئەوەتا دەبین بەخاوەنی وڵاتی خۆمان بەکەرکوکەوە، یان بەبێ کەرکوك دەبین بەمیللەتێکی قەرەجی بێ وڵات". د. پەشێو ئاماژەی بەسەرەتاکانی پرۆسەی بەعەرەبکردنی شاری کەرکوك دا، ئەو سەرچاوە زانستیانەشی دەست نیشان کرد کە کەرکوکیان وەکو شارێکی کوردستانی ناساندووە. بەڵام داخی بۆ ئەوە خوارد کەسەرکردایەتی حیزبەکان ئەمرۆ قومار لەسەر ئەو شارە دەکەن، بۆیە ئەو پێیوابوو، نەدەبوو سەرکردایەتی کورد ئەو قومارە بکات، کوردستانێتی ئەو شارە بخاتە بەر راپرسی، چونکە "کەرکوك بەشێکە لەتان و پۆی کوردستان و لێی جیا نابێتەوە". دوا وتەشی ئەوە بوو "دەبێ هەموو شتێك بکەین تا لەو قومارە نەدۆڕێین".

عەبدولرەحمان مستەفای پارێزگاری کەرکوك، کە بەر لە پەشێو هاتە ناو هۆڵەکەو لەگەڵ ئەویشدا چووە دەرەوە لەوەڵامی پرسیارێکی "میدیا"دا وتی "هەڵبەت لەمێژە برای بەرێزو شاعیری گەورەی گەلەکەکان، پەشێو، دەناسم و ئاگاداری شیعرە بەرزەکانیم"، ئەو زۆر خۆشحاڵ بوو کە دوای ٣٣ ساڵ پەشێوی شاعیری لەکەرکوك بینیەوە. ئەو زۆر باشی بە بیر دێت کە لەساڵی ١٩٧٢ لەهۆڵی ئامادەیی ئیمام قاسم لەفیستڤاڵی یەکەمی شیعری کوردیدا، پەشێو بۆ یەکەمجار شیعری "١٢ وانەبۆ منداڵان"ی خوێندەوەو خەڵکیش، ئەو کاتە، زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێکرد. پارێزگاری کەرکوك لەدوای هەر شیعرێك زۆر بەگەرمی چەپڵەی لێدەدا وتی "بەدڵنیاییەوە، شیعرەکانی زۆر بەرزن، چونکە گوزارشتە لەموعاناتی ئێمە".

شێخ سدیقی سکرتێری لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسان، خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و، خۆی بەسەربەرززانی کەپیاوێکی تێکۆشەرو شاعیرێکی گەورەی کورد ئەمرۆ لەشاری کەرکوکەو کۆمەڵێك قسەی بەپێزو کۆمەڵێك شیعری جوانی خوێندەوە کەجێگای شانازییەو گوتیشی "ئەوەندەی من بزانم ئەوە داوایەکی خۆی بوو کە یەکەمجار لەکەرکوکەوە کۆڕی بۆ سازبکرێت چونکە یەکەمین کۆڕی شیعری ویەکەمین دیوانیش کە چاپکرا هەر لەکەرکوك بوو، ئەمە لایەنێکی تایبەتی و لایەنێکی نەتەوەیی و نیشتمانیشی هەیە".

پۆلا سابیری تەمەن ٤٠ ساڵ کەبلوزو پانتۆڵێکی رەشی لەبەردابوو، زۆر خۆشحاڵ بوو کە ئامادەی ئەو کۆڕە ببوو. لێمان پرسی هاتنی عەبدوڵڵا پەشێو لەکەرکوك بۆ تۆ چی دەگەیێنێت؟ وتی "هاتنی پەشێو بۆ کەرکوك شتێکی غەریب نییە، چونکە کەرکوك بەشێکە لەعەبدوڵڵا پەشێوو پەشێویش بەشێکە لەکەرکوك، شیعرەکانی ئەو لەگەڵ ئازارو مەینەتییەکانی کەرکوکدا ئاوێتەیە". پۆلا پێیوابوو جەستەی کەرکوك، جەستەیەکی بریندارەو، پەشێویش قەتماغەی ئەو برینانەی هەڵدایەوە تا لەرەگەوە چارەسەریان بکەین.

هەرچەندە کۆڕەکە کۆتایی هاتبوو، بەڵام تانیاخان هێشتا هۆڵەکەی بەجێ نەهێشتبوو، زۆر بەچێژەوە مژی لەجگەرەکەی دەدا، وتی "بەراستی ناتوانم گوزارشت لەم ئێوارەیە بکەم" ئەو سەبارەت بەهاتنی پەشێو بۆ کەرکوك وتی "مانایەکی زۆر گەورەی هەیە، کەسێکی وا ئامادەیی تێدا هەبێت لەم بارودۆخە بێتە شاری کەرکوك بەکۆمەڵێ شتی جوان و شیعری بەهێز، کوردانی ئەم شارە دڵخۆش بکا، ئەوە شتێکی زۆر گەورەیە".

هەردی عادل کەئەندامی تیپی شانۆی هەنگاوی نوێیە، لەگەڵ هاورێکانیدا لەهۆڵ هاتبوونە دەرەوەو خەریکی گفتوگۆیەکی گەرم بوون لەبارەی وتەکان و شیعرەکانی پەشێوەوە. ئەو زۆر خۆشحاڵ بوو بەهاتنی پەشێوو پێیوانەبوو بتوانێت گوزارشت لەماناو هێماکانی ئەم هاتنە بکات، لەگەڵ ئەوەشدا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەمە گەورەییە بۆ کەرکوکییەکان. "هاتنی پەشێو بۆ شاری کەرکوك، گەورەییە بۆ ئێمە".

لایقە عوسمانی تەمەن ٢١ ساڵیش سەرەرای خۆشحاڵی دەربڕین بەهاتنی پەشێو وتیشی "ئەم هاتنە مێژوویەکە بۆ ئێمە".

دواتر پەشێو لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا وەڵامی ئەو پرسیارتنەی دایەوە.

*** تۆ لەکەرکوك هەست بەچی دەکەیت؟**

– بەراستی زۆر زەحمەتە، من کەئاگرە پیرۆزەکەی باباگورگورم دیت فرمێسکم لەچاو هات. من خۆم هەولێریم، بەڵام باوڕ بکەن ئیحساسم زیاتر کەرکوکییە، بەلای منەوە شارێکی ئەوەندە پیرۆزە، ئەوەندە پیرۆزە، هەموو شتێکمانە، هەموو شتێکمانە.

زێدی تۆ بیرکوتە؟

– راستە بیرکوت زێدی منە، بەڵام کەرکوك هەمووشتێکمانە، یان دەبین یان نابین، لەسەر ئەم شارە وەستاوە کە وەك نەتەوە دەبین یان نابین.

*** میدیا ئەم ئێوارەیە کەمێك لەشیعری دڵداری و زۆرێك لەشیعری سیاسیت خوێندەوە؟**

– ئاخر ئێرە کەرکوکە.

*** میدیا- وتت هاتنی من بۆ کەرکوك رەمزییە. دەتوانی زیاتر روونی بکەیتەوە؟**

– من دەزانم کەرکوك لەبارودۆخێکی زۆر تایبەتدایە، ناکرێ کۆڕێکی گەورە بکەی. من وتم ئەگەر شتەکە پەیوەندی بەژیانی منەوە هەیە هیچ گوێم لێ نییە. بەڵام ئامادە نیم یەك دڵۆپە خوێن لەمنداڵێکی کوردەوە بێت لەسەر کۆڕێکی من. لەبەر ئەوە، من وام بە باشی زانی ئەگەر شتەکە رەمزیش بێت هەتا ئەگەر بۆ ماوەی ٢٠ دەقەیەکیش بێت، قەیناکە بێم چەند کەسێکی وەکو ئێوە ببینم. ئەوەم بەلاوە گرنگ بوو چونکە مەسەلە تەنها پەیوەندی بەژیانی منەوە نییە، پەیوەندی بەژیانی ئێوەشەوە هەیە.

منیش دەڵێم بەداخەوە...!

مەهاباد کوردی سوێد

وەرگرتنی خەڵاتی دەزگای "عەنقا"ی عەرەبیی عێراقی، لەلایەن شاعیری ناسراوی گەلەکەمان شێرکۆ بێکەس و چیرۆکنووسی بەناوبانگی کوردی رەئووف بێگەرد، بۆ زۆر کەسی ئەم نەتەوەیەو بەتایبەتیش لای نووسەران و رۆشنبیران و خەڵکانێکی ئەو بوارە بووە جێی پرسیارو نیشانەی سەرسوڕمان. گەر بەهەڵەدا نەچووبم کاک عومەر فارسی سەرپەرشتکاری ماڵپەری کوردستان نێت، لەوانەیە یەکەمین کەس بووبێ، ئەم بابەتەی وروژاندبێ. هەموومان بەر لەچەند رۆژێکی کەم چاومان بەو چەند دێرانە کەوت، کە لەبەرایی ماڵپەری ناوهاتوودا، بەرەنگی سوور – ئافەرین بۆ ئەم هەڵبژاردنە – نووسرابوون. من پێموایە شێرکۆ بێکەس و رەئوف بێگەرد سنووریان بەزاند، هەر لەبەر هەندێش رەنگی سووریان بۆ بەچاك زانرابوو. دیارە لەهەمان کاتیشدا سنوور بەزاندن هەر تەنیا هێنانی سوپای داگیرکەران نییە بۆ خاکی نیشتمان، بەڵکە بە گەلێ شێوەی تریش خۆ دەنوێنێ.

ئەو هێژایانەی کە سەبارەت بەهەمان پرس چەند شتێکیان بڵاو کردبۆوە، دەستیان خۆش بێ و سەرکەوتوو بن، بەڵام ئایا بەراوردکردنی نیلسۆن ماندێلای خەباتگێری ماندوونەناس و بەدەیان ساڵ کەوتووی نێو کونجی زیندانە رەش و تاریکەکان و خاوەنی گەلێ هەڵوێستی بوێرو ئاکارو رەوشتی بەرز، دەشێ هەر وا بەئاسانی لەگەڵ رەئووف بێگەردو شێرکۆ بێکەسدا بەراورد بکرێ؟! لەکاتێکدا ماندێلا گەورەترین خەڵاتی دەوڵەتی تورکانی رەتدەکردەوە، باش لەبیرمە شێرکۆ بێکەسی شاعیر لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو کە ئەوسا وەزیری رۆشنبیری بوو لەیەکەمین کابینەی حکوومەتی کوردستان، لام وابێ بەسەردان هاتبووە سوێد لەرۆژنامەیەکی ئەو وڵاتەدا چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کرابوو. لەقسەکانیدا خوێنەر وا تێدەگەیشت ئەو داکۆکی لەیەکەم بڕیاری دەرچووی ئەوسای پەرلەمانی کوردستان دەکات سەبارەت بەلێدانی (پ.ك.ك)و، ناوبراو تەنانەت ئامۆژگاری ئەو رێکخراوەشی دەکردو ردێنسپییانە دەئاخڤی. گەر یادم درۆم لەگەڵ نەکات هەڤپەیڤینەکە لەرۆژنامەی Dagens Nyheterی سوێدی ئەنجام درابوو. بە بۆچوونی من داکۆکیکردن لە هەر بڕیارێك کە بۆنی شەری کوردکوژی لێوە بێت، نەك هەر کارێکی هەڵەیە، بگرە بەشداربوونیشە لەئەنجامدانی تاوانەکان لەژێر ناوی جودا جودا. شێرکۆ بێکەس چەند ساڵێکی کەم بەر لە ئێستا لەیەکێ لە بڵاوکراوەکانی ناوخۆی وڵات، هەر دیسان لە هەڤپەیڤینێکدا، پێی وابوو سەرانی کورد چ حەوجەداری ئەوە نەبوون لەپاش نەمانی بەعس و رووخانی رژێم روویان لەبەغدا بکردایەو کاری ئەوان لەکوردستانە نەوەك لەعێراق و بەغدا، کەچی هەر هەمان شێرکۆ خەڵاتی دەزگاو دامەزراوێکی عێراقی قەبووڵە کە بەوشەیەك چییە، رۆژێ لەرۆژان ئەندامان و کارگێڕان و سەرپەرشتکارانی نەك هەر لەسەر کورد هەڵیاننەداوەتێ، بگرە هەتا پاڵەوانی عرووبە لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی بەغدا بوو متەقیان لەخۆیان بڕی بوو و دەنگیان دەرنەدەچوو و، لە گەلێ لاوەش باس لەگرێدراویی وەها دەزگایەك بە بەعس و رژێمی پێشوو قسەی سەرزمان و بابەتی نووسراوی رۆشنبیرو نووسەرانە. من دەترسێم سبەینێ لەنێو نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان و بەهرەوەرانی باشووری کوردستاندا کەسانێك هەڵبکەون، هەرگیز نەڵێن نا، بۆ خەڵاتی دەزگاو ناوەندەکانی سەر بەدەوڵەتە داگیرکەرەکانی دیکەی کوردستانیش. هەر بۆ نموونە خەڵات و پاداشت و نازراگرتنی نووسەرگەلێکی کورد لەلایەن تورکیاو سوریاو ئێرانەوە ببێتە مۆدیلێکی نوێی راکێشانی کەسانێکی خوێندەوارو رووناکبیر لەم بەشەی نیشتماندا.

خاڵێکیتر کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین پەیوەندی بەوەوە هەیە داخوا کەسێك، نووسەرێك، شاعیرێك، هونەرمەندێك، چیرۆکنووسێك، پیتۆڵ و زانایەکی کورد، کاتێك خۆی بە کوردستانی لەقەڵەم بدات و لەناو خانەی نەتەوەپەروەرو کوردستانیبیانیشدا خۆی ببینێتەوە، بۆچی دەبێ خەڵاتی نەتەوەی سەردەستی عەرەبی لا پەسند بێ و پێیشی شاگەشکە بێ؟! رەنگە ئەگەر خەڵاتەکە لە "عەنقا"وە نەبووایە، مرۆڤ بەجۆرێکی دیکە بۆ شتەکان چووباو ئەوەندەش رەخنەی لەم دوو هێژایە نەگرتبا.

ئەو برادەرانەی کە پێش من لەسەر ئەم بابەتە هەڵیانداوەتێ و بیرو بۆچوونی خۆشیان درکاندووە، دیارە زۆر شتی جوانیان باس کردووە، هەربۆیە من لێرەدا هەر بەوەندە واز لەم پرسە دێنم و وەك ئەوانیش دەڵێم: حەیف و مخابن!

mehabadk@hotmail.com
ستۆکهۆڵم ٢٠٠٥/١٢/١

کچە رۆژنامەنووسی فەرەنسی پاولینا زیدی:

٣ هەفتە لەناو PKKدا
لەقەندیل خۆم نەشۆشت

دەشتی سەباح-هەولێر/ پاولینا زیدی، کچە رۆژنامەنووسی فەرەنسی، دوای ئەوەی بۆ ماوەی ٣ هەفتە چۆتە قەندیل بۆ کاری رۆژنامەوانی دەڵێت "ئەوەی بۆ من غەریب بوو لەوێ ئەو ٣ هەفتەیە خۆم نەشووشت".

پاولینا کە دوای شەر چۆتە ئەفغانستان،وەك باسی لێوەکرد زیاتر حەزی بەو وڵاتانەیە کە شەری تێدا تەواو بووە، وتی "بۆیە ئەفغانستانم هەڵبژارد چونکە ئەوکات هیچ رۆژنامەنووسێکی فەرەنسی لێ نەبوو". وتیشی هاتنم بۆ کوردستان بۆ ئەوەیە کە ریپۆرتاژ لەسەر ژیانی سیاسی خەڵك بکەم، ئەوە جگە لەوەی چەند ریپۆرتاژێکم کردووە لەقەندیل لەسەر وەزعی ژن لەناو (PKK)دا.

ئەو دوای تەواو کردنی زانکۆ لەبەشی رۆژنامەنووسی لەپاریس بەهاوکاری رێکخراوێکی ناحکومی کە لەئەفغانستان کار دەکات، لەساڵی ٢٠٠٤ بۆ ماوەی ساڵێك بۆ کاری رۆژنامەنووسی دەچێتە ئەفغانستان، دەڵێت "رێکخراوەکە داوایان لێکردم ئەو شتانە بکەم کە ژنێك دەتوانێت بیکات"، دواتر بۆ دەزگایەکی راگەیاندنی ئەفغانی کاری کردووە، بەڵام ئەو دان بەوەدا دەنێت کە ژیانی رۆژانەی زۆر سەخت بووە لەئەفغانستان "وەزعی ژن و پەیوەندی نێوان ژن و پیاو بۆ من شتێکی زۆر غەریب بوو، ئەوان ژن و پیاوی یەکتر نەبوون بەڵکو تەنیا منداڵیان دروست دەکرد، پایەی ژن لەئەفغانستان زۆر کەمترە لەحەیوان".

لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە چۆن تەنیاوبێ هاوکارێك دەچێتە ئەو شوێنانە دەڵێت پێش ئەوەی کە بیر بکەمەوە کچم، من رۆژنامەنووسم، من گەشتیار نیم، من رۆژنامەنووسێکم دەمەوێت راپۆرت بنووسم لەهەر شوێنێك بێت و راستییەکان بەخەڵك بڵێم.

پاولینا پێش ئەوەی بێتە کوردستان لەرێگەی ئەنستیتۆی کورد لەپاریس و چەند برادەرێکی هەندێك زانیاری هەبووە لەسەر کوردستان، وتی "کە بە برادەرو خێزانەکەی خۆم گوت دەچمە کوردستان نەیاندەزانی کوێندەرە، پێیان گوتم دەچیە کوردستان نەك عێراق"، ئەو پێی وابوو کوردستان جیایە لەگەڵ عێراق.

ئەوەی زۆر سەرنجی پاولینا رادەکێشێت میوانداری خەڵکی کوردە، دەڵێت "کاتێك لەلای گەریلاکان بووم زیاتر لەدایکم موراعاتیان دەکردم"، ئەو کاتێك لەسەر رۆیشتن بوو بۆ فەرەنسا وتی ئێستا هەستێکی خۆشم هەیە کە دەگەرێمەوە وڵاتەکەم "رەنگە هەمیشە بیر لەوە بکەمەوە کە چۆن جارێکی دیکە بێمەوە کوردستان، هەروەها بیر کردنەوە لەوەی کە ئایا ئەم وڵاتە چی بەسەر دێت، بۆیە ئەگەر مانگی ئاداری ساڵی ئایندە نەمتوانی ئەوا رەنگە پاش ٢٠ ساڵی دیکە بێمەوە".

کری ناتێر



کێ دەتوانێ خەوی حزبێك بزڕێنێ

کەریم مودەڕیس

هەرکە هەڵپەی هەڵبژاردن لە وڵاتێکدا دێتە پێش، هەر حزبەو هەیپای لێدەکات و رادەکاتە بەر (ئاوێنە) تا دەستێك بە دەموچاوو سەرو ریشی خۆی دابێنێ تا عەیبوعارەکانی خۆی بشارێتەوە. بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنیش پەنا دەبەنە بەر راگەیاندن تا جوانتریان بکات. کەچی هەندێ لەو حزبانە تەنها راگەیاندنەکەی خۆیانیان بەسسە بۆ ئەوەی ناشرینتریان بکات یاخود دەنگێکی زۆریان لەکیس بدات. هەندێکیش لەسەر ئەرزی واقیعدا هێندە نین، بەڵام لەرێگەی راگەیاندنەکەیان دەتوانن بوونێك بۆ خۆیان دروست بکەن. بەشێکی دیکەش راگەیاندنەکەیان دەستەوەستانە لەئاست قەناعەت بە هاووڵاتی هێنان تا دەنگی پێبدات، چونکە ئەو راگەیاندنە بەر لە هەڵبژاردنەکان لەئاست راستییەکان و ویستی راستەقینەی خەڵك هەردەم شەرمەزار بووە. هەندێکیش بۆ خۆیان جوانن و پێویستیان بە خۆ تەکاندن نییە.

ئا لەو رۆژگارانەدا رۆڵی راگەیاندن لە شیرینکردن و ناشیرنکردن دەردەکەوێ کە لەرۆژانی ئاساییدا ئەزمەی گوێگریان هەیە. واتە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا سەنگی هەر وشەیەك دەردەکەوێ کە لەزاری نووسەرێك یا رۆژنامەنووسێك یا لەکەناڵێکی راگەیاندندا دەبیسترێ. نووسەر دەتوانێ ببێتە پەیامبەری خێر بۆ هەر حزبێك دەشتوانێ ببێ بە کوندەبۆیەك و بەسەریدا بقرێنێ. ئەوەی لەم رۆژگارانەشدا قسەی خێر دەکات هەڵبەت یەکێکە لە هەرە دڵسۆزانی وڵات، بۆیە مەیسەربوونی دەرەنجامەکەی لە هەموو شتێك زیاتر بەلاوە گرنگترە.

لەرۆژگاری وادا کاریگەری نووسەر دەردەکەوێ (ئەو نووسەرەی هەندێك بەنەخۆشی تێدەگەن کە باسی بەخۆداچوونەوە دەکات) کە چۆن دەتوانێ خەوی حزبێك بزرێنێ یاخود خەوی یەکێکی دیکە بێنێتە دی کە رەنگە ئەویش تەنها راگەیاندنەکەی بەس بێت بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنەکان. بۆیە دەبینین لەعێراقیشدا حزبەکان کەوتوونەتەخۆو پەنایان بردۆتە بەر راگەیاندن و وانیشان دەدەن کە ئەگەر ببەنەوە گوزەران خۆش دەکەن و ئاسایش بەرقەرار دەکەن. بەڵام لەبیر خۆبردنەوەی هەر شتێکیان بۆ مەیسەر بێ، ئەوەیان بۆ مەیسەر نابێ و لەبەرژەوەندیی خۆیاندا نییە کە لەو بڕوایەدابن کە کەسێك نییە بتوانێ هەڵەتێك فەشەل پێ بێنێ و خەوی یەکێك لەبار ببات..!!

ئەو رۆشنبیرەی تا ئێستە لە کەللە رەقی خۆی دانەبەزیوە، ئەو رۆژنامەنووسەی خەوی بەسەردەمێکی نوێوە دیوە، ئەو کەناڵەی لەخەمی هاووڵاتیدا گریاوەو بۆ خۆشیی ئەویش هەڵپەریوە، ئەوانە دەتوانن بەسەوتارێك، ریپۆرتاژێك، هەر بابەتێکی دیکەی رۆژنامەنووسیی بێت هەر هاوارێك دابمرکێنن کە لەپێناو هەڵبژاردنێکدا دەکرێ کە ئومێدی هێنانەکایەی رۆژێکی نوێی تێدا زەحمەت بێ..!!

بەپێی حوکمی لەبیرخۆبردنەوەش خەڵك بۆ بە بەرەو پیرچوونی هەڵبژاردن مەرجی دەبێ کە بەلایەنی کەمەوە ئەو مەرجە ئەوەیە وادەو بەڵێنەکانی بەر لەهەڵبژاردن لەبیر نەکەن و ئیتر گلەیی و گازاندەش بەکۆتا بێنن، بەچارەسەرکردن نەك بەتۆقاندن..!!